# ناونیشانی توێژینەوە :ئامانجی فێرکاری بابەتی رێزمان بەنموونە(کار) لە بازنەی سێیەمی خوێندندا

(PP 72 - 84)
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.1.6

**م.ی. شكر محمد صالح**
شوێنی کار: کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / بەشی زمانی کوردی
Shukur.saleh@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2017/05/23**
**پەسندكردن : 2017/08/28**
**بڵاوكردنەوە : 2018/03/26**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەی هەوڵێکە بۆ پێداچوونەوە بە بابەتی ڕێزمان(کار) بە نموونە لە پەرتووکەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بازنەی سێیەم پۆلەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)دا، کە تیایدا بابەتی کار وەکو نموونە وەرگیراوە، ئاخۆ لەم بازنەیەدا چۆن خراوەتەروو، هەڵبەتە لە بازنەی سێیەم بابەتی کار گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەوەی لەهەرسێ پەرتووکی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) بەشێوەیەکی بەرنامەدارێژ باسکراوە، لەپەرتووکی حەوتەم وەکو کەرەسەیەکی زمان و بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن باسکراوە، لە پەرتووکی هەشتەم بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی زیاتر چۆتە ناو ڕێزمان بابەتی کار لەڕێزمان باسکراوە، بەلام لەپەرتووکی نۆیەم کەدوا پەرتووکی بازنەکەیە کار وەکو بەشێك لەڕستە کاری لەسەر کراوە، هەموو ئەم شێوازە جیاوازانەی لە پەرتووکەکان پەیڕەو کراوە تاوەکو بەئاسانترین شێوە قوتابی فێری بابەتی کار بێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کار وەکو بابەتێکی ڕێزمان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە زماندا بەگشتی و لە بواری پەروەردە بەتایبەتی، چونکە ناکرێت بابەتێکی گرنگی بواری زمان بێ بەرنامە کاری لەسەر بکرێت و لە پرۆگرامی خوێندن دابنرێت .

## پێشەکی

### یەکەم: ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی((ئامانجی فێرکاری بابەتی ڕێزمان بەنموونە(کار) لەبازنەی سێیەمی خوێندندا)) کە باس لە کار و جۆرەکانی کار و چۆنییەتی باسکردن و ریزکردنی بابەت رێزمانییەکان دەکات لە بازنەی سێیەم پۆلەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتیدا.

### دووەم : کێشەی توێژنەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە

1- تاچەندە بابەتەکانی ڕێزمان لەم سێ پەرتووکە بەشێوەیەکی زانستیانە باسکراون، ئاخۆ چەندە تەواوکەری یەکترن.
2- هەولێکە بۆ بەدوا گەران لەسەر ئامانجی تایبەتی و ئامانجی گشتی بازنەکە. دەبێت ئامانجەکان چی بن لەم بازنەیە تاوەکو فێرخواز ئاراستە بکات.

### سێیەم: کەرەسەی توێژینەوەکە

کەرەسەی توێژینەوەکە هەرسێ پەرتووکی بازنەی بنەڕەتی پۆلەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ە، باس کردنی ئامانجی پەروەردەییە لەچۆنییەتی دارشتنی بابەتی ڕێزمان (کار) لەبازنەکە.

### چوارەم : گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە ئەو بابەتانەی ڕێزمان لەبازنەکانی پەروەردە دەخوێندرێت، تاوەکو چەند هەماهەنگی لە نێوان پەرتووکەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) هەیە لەباسکردنی کار، ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ کەمکردنەوەی دابراوییکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی بابەتەڕێزمانییەکانی نێو پەرتووکەکان و دواتر بەدواداچون بۆ پەیامی بازنەکە.

### پێنجەم: ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی(وەسفی) ئەنجامدراوە بەوەی لەبەشی یەکەم بابەتەکان خراونەتروو داوتریش لەبەشی دووەم لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندن پێداچوونەوە بۆ بابەتە ریزمانییەکانی هەرسێك لە پەرتووکەکانی بازنەکەکراوە بە تایبەتیش بابەتی (کار).

### شەشەم: ئامانجی توێژینەوەکە

لەبازنەی سێیەمدا کە سێ پۆلی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) دەگریتەوە، ئایا ئەم سێ پـۆلە چ پەیوەنـدییەکیان بە یەکەوە هەیە، ئاخۆ بابەتەکان چۆن یەکتری تەواودەکەن، پەیامی ئەم بازنەیە چۆن دابەشی سەر ئەم پەرتوکانە بوون.

**حەوتەم: ناوەڕۆك و پلانی توێژینەوەكە**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و دووبەشی (تیۆری و پراکتیکی) و چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو و هەروەها لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان لە خۆدەگرێت.

**بەشی یەکەم** :باس لە ڕێزمان و چۆنییەتی وتنەوەی بابەتی ڕێزمان و پلانـدانان بـۆ بـابەتی ڕێزمـان فەلسـەفەی پرۆگـرام لە بـواری پەروەردە.

**بەشی دووەم** :بە شێوەیەکی پراکتیکی بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی لەپرۆگرامی ئێسـتای خوێندنـدا و شـێوازی خسـتنەرووی بـابەتی ڕێزمان بەنموونە (کار)، هەروەها ئامانجی فێرکاری بابەتی ڕێزمان بەنموونە (کار) لەبازنەی سێیەمی خوێندندا.

**بەشی یەکەم**

**1-1 : چەمك و پێناسەی ڕێزمان:**

وشەی ڕێزمان لە ڕووی ڕوخسارەوە وشەیەکی لێکدراوە، لە وشەی(ڕێ) و (زمان) پێکهاتووە، (ڕێ) بەواتای ڕێگا دێت و (زمان)یش بەواتای زمانی ئاخاوتن و نووسین دێت((ئەگەر سەیری وشەی (ڕێزمان) بکەین، ئەوە دەبینین لەڕووی ڕۆنانەوە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە وشەی(ڕێ) و وشەی(زمان)، بە هەردووکیان وشەی لێکدراوی (ڕێزمان) یان دروستکردووە. لێرەدا وشەی (ڕێ) بەواتای ڕێگا دێت و (زمان)یش واتاکەی روون و ئاشکرایە، بەمەش وشەکە واتای(ڕێگای زمان) دەگەیەنێت، کە مەبەست لەڕێگاش یاساو دەستورەکانی زمانە، کەواتە ڕێزمان، واتە:(ڕێگاکانی زمان) و( یاساو دەستورەکانی زمان))(سەباح مەجید:2009: 78). وشەی ڕێزمان لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە پێناسەکانی ڕوون دەکرێتەوە. دەربارەی پێناسەی ڕێزمانیش نووسەران زۆر پێناسەیان خستۆتەڕوو:

(( ڕێزمان(grammer) وەك ماددەیەکی زانست یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زماناسی و بریتییە لە کۆمەڵێ یاساو دەستوور لە بارەی گۆڕینی وشە و چوونەپاڵ یەکدی وشە لەڕستەدا))( ئاورحمانی حاجی مارف:1979: 3). واتە ڕێزمان ئاستێکە سەر بە زانستی زمانەو پێك دێت لە یاساو ڕێسای زمانیی بۆ ڕێزکردنی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا لەزمانێکی دیاریکراو. ((ڕێزمان ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، کە لة هەردوو لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی دەکۆڵێتەوە. لە ڕێزماندا باس لەویاسایانەیە کە دەنگ و واتا بە یەك دەکەیەنێ ))(نەریمان خۆشناو:2012: 12). کەواتە لەم پێناسانەی پێشوودا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێین، ڕێزمان: بریتییە لەو یاساوڕێسایانەی تایبەت بەئاخێوەرانی هەر زمانێك، کەپابەند دەبن پێیان، لە کاتی ئاخاوتن و نووسین، لە بەکارهێنانی وشە لە چوارچێوەی ڕستەدا، بە شێوەیەکی زانستی و ڕاست و واتادار.

**2-1 : ڕێگاکانی وتنەوەی بابەتی ڕێزمان:**

وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن وشك و قورسە بە گشتی، لە بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتیش بە تایەتی، بۆیە پێویستی بە مامۆستای پسپۆڕو خاوەن سەلیقە و چالاك و زارخۆش هەیە(( ئاسانی و گرانی ڕێساکانی زمان(ڕێزمان)، لە ناو ڕێزمان خۆیدا نییە، بەڵکو لە ڕێگای گوتنەوەکەیدایە لەگەل توانای مامۆستاکەدا، بۆیە لە زۆربەی باردا قوتابییان نەفرەت لە ڕێزمان دەکەن و هۆیەکەش بۆ چاپووك نەبوونی مامۆستاکە دەگەڕێتەوە بەوەی کە پەیڕەوی ڕێگای باش و دروست و سەرکەوتوو بۆ گەیاندنی ڕێزمان بۆ زەینی قوتابیان ناکات ))(سمیع ابو مغلی: 2015: 110). گەیاندنی زانستی ڕێزمان بە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی، پێویستی بە مامۆستای کارامەو لێهاتوو هەیە لەگەڵ پەیڕەو کردنی ڕێگاو شێوازێکی گونجاو لەوانەوتنەوە کەلەگەڵ ئاست و قۆناغی تەمەنیان بگونجێ. پرۆگرامی ڕێزمان وەکو ماددەیەکی زانستی لەگەڵ مامۆستاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە تەواوکاریی پرۆسەی وانەوتنەوەن، بەڵام زۆر بە داخەوە پرۆگرامەکانی ڕێزمانی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی زۆر بە وشکی دابەزێنراون کەهەرگیز سەرنجی قوتابیان ڕاناکێشن و خۆشیان ناوێن.(ڕێگەی وتنەوەی ڕێزمان ) پێویستە تەوەرەی وانەکە چیرۆکێك(دەقێکی) کورتی سەرنجکێش و چێژدار بێت، یا بابەتێکی کورتی خۆش یاخود نموونەی ڕیاڵی(واقیعی) بە کەڵکی ژیان بێت.

1- دەستپێك بۆ چیرۆکەکە بە قسەکردن لە بارەیەوە یان پرسیار کردن(لەسەر تەرزی دەستپێکی خوێندنەوە).
2- چیرۆکەکە لەسەر تەختەیەکی جیا پیشاندەدرێت(کە بەخەتێکی جوان و دیار نوسرابێتەوە).
3- قوتابیان بە بێدەنگ دەیخوێننەوە.

4- مامۆستا لە تەکیاندا بیرۆکەو مەبەستەکە گفتوگۆدەکات بە چەند پرسیارێکی کەم و کورت.
5- سەرنجیان بۆ چەند وشەو ڕستەی ناو چیرۆکەکە ڕادەکێشێت، گفتوگۆی لەسەر دەکەن، چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی باس دەکەن و ئەو لایەنە ڕێزمانییانەی لە بابەتی وانەکەدا هەن دیاری دەکەن و باسی دەکەن.
6- ڕێسا زمانییە گشتییەکان لەم لایەن و دیاردانەوە هەڵدەهێنجرێن.
7- ڕاهێنانیان لەسەر ئەم ڕێسایە پێدەکات، مەشق و ڕاهێنانێکی ئەوەندە کە نموونە گەلی جۆراوجۆری تێدا بێت، یەکەمجار زارەکی و پاشتر بە نووسین (سمیع ابو مغلی:2015: 112-113).

((زانستی وانەوتنەوە، بۆ ئەوەیە مامۆستا بزانێ چ دەڵێتەوە لە ڕووی چەندایەتی وچۆنایەتی. هونەری وانەوتنەوە، بۆ ئەوەیە مامۆستا بزانێ چۆن وانە دەڵێتەوە))( محمد محمود الحیلە: 2001: 19). کەواتە وانەوتنەوە زانستیشە و هونەریشە، واتا دوو ڕووی هەیە، زانست و هونەر کە دەتوانرێ زانست بە لایەنی تیۆری دابنرێت و هونەریش بە لایەنی پراکتیکی دابنرێت. وانەوتنەوەی ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی پێویستی بە هونەرێکی گونجاو هەیە بۆ گەیاندنی زانیاری کە کاریگەری هەبێت لە سەر بنیادنانی بناغەیی زمانی قوتابیان، لە بەرئەوە مامۆستا پێویستی بە شارەزایی هەیە لە زانیاری پسپۆڕی و ئاشنا بوونی بە پەروەردەی دەروونزانی و ڕێگاکانی وانە وتنەوە، گرتنەبەری شێوازێکی گونجاو لە وانەوتنەوەدا، چونکە وانەوتنەوە کارێك نییە هەر چۆنێك بێت ئەنجام بدرێت و تەنها وانە بەڕێکردن بێت لە لایەن مامۆستا، لە بەرئەوەی ئەو کاتە هیچ ئامانجێك بەدی نایەت و بە فیرۆدانی کاتە، پێویستە مامۆستا بایەخ بە هونەر و شێوازێکی گونجاو بدات لە وانەوتنەوە بۆ گەیاندنی بابەتەکەی، لە خوارەوە باس لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ڕێزمان دەکەین(فواد ابوالهیجاء:2001: 108):

1- ڕێگەی پێوانەیی
2- ڕێگەی هەڵهێنجان
3- ڕێگای هربارت
4- ڕێگای چالاکی
5- ڕێگەی کێشە و گرفت
6-

**1- ڕێگەی پێوانەیی:**

((هەر لە سەرەتاوە ڕێسا(دەستور، قاعیدە)ی ئەو بابەتە ڕێزمانییە ئەزبەر دەکرێت پاشان نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە کە دەبنە هۆی چەسپاندن و گەیاندنی بابەتەکە، ئەم ڕێگایە ئەوە دەگەێنێت کە پشت دەبەستێت بە ئەزبەرکردن(الحفظ)ی ڕێساکان و پاشان بە نموونە ڕوون دەکرێتەوە، واتە زەینی قوتابی لە گشتەوە بۆ بەش(من الکل الی الجزء)پەیڕەو دەکات، ئەگەر هاتوو قوتابیان گشت(الکل)یان تێگەیەندرا و تێیگەیشتن ئەوا لە نموونەکانیش تێدەگەن و درێژەی باسکردنی بابەتەکە بە نموونەو ڕاهێنانەوە بە قوتابی دەگەیەنرێت))(هەمان سەرچاوە: 2001: 108).
ڕێگەی پێوانەیی کۆنترین ڕێگای وتنەوەی ڕێزمانە بۆ قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی، باش نییە، چونکە لە سەرەتاوە پشت بە ئەزبەرکردنی یاسای ڕێزمانی دەبەستێت، ئەزبەرکردنیش بۆ قۆناغی بنەڕەتی گونجاو نییە و نابێتە مایەی تێگەیشتن.

**2- ڕێگەی هەڵهێنجان :**

((لەم ڕێگایەدا نموونەکان دەبنە بناغەی هەڵهێنجانی ڕێساکە واتە: لە بەشەوە بۆ گشت(من الجزء الی الکل) ڕێکدەکات، هەڵهێنجان (الاستقراء) یاریدەی بیرکردنەوە و داهێنان دەدات بە وردبونەوە لە بەشەکانەوە دەست پێدەکات(نموونەکان)، پاشان گەڵاڵەکردنی ڕێسایەکی گشتی بۆ ئەم نموونانە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستخستنی ڕێسا لەئەنجامی گفتوگۆ(وتوێژ)))(فواد ابوالهیجاء :2001: 108). ئەم ڕێگەیە بۆ وانەوتنەوەی ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی(بازنەی دووەم) گونجاوترە لە ڕێگەی پێوانەیی، چونکە بابەتە ڕێزمانییەکانیش بەچەند نموونەیەك باس دەکرێت، شرۆڤەکاری بۆ دەکرێت، قوتابییان هەنگاو بە هەنگاو لە بەشەوە بۆ گشت بەرەو فێربوون دەچن و لەکۆتایی دەگەنە پوختەیەکی ڕێسایی بابەتە ڕێزمانییەکە.

**3- ڕێگای هربارت:**

((ئەم ڕێگەیە لە هەموو جیهاندا بەناوی ڕێگەی (یوهان فردريك هربارت)ەوە بەناوبانگە کە ئەویش کتومت ئەچێتەوە سەر بنەڕەتی ڕێگەی وانەیی( بەرئەنجامی )، بەڵام ناوبراو دوو پلەی لە پلەکانی ڕێگەی وانەیی زیادکردووە کە بریتین لە (پلەی پێشەکی و پەیوەندی)(المقدمە و الربط)) پەیوەندیش ڕاستەوخۆ(بەراورد) دەگرێتەوە. ڕێگەی هربارت لەسەر ئەم پێنج پلەیە دامەزراوە(حەمەکەریم هەورامی:2011: 238):

1- پێشەکی .

2-خستەڕوو .

3-بەراووردکردن یا پەیوەندیکردن .

4-هەڵهێنجاندن و دەرهێنانی دەستوور.

5-راهێنان )).

ڕێگەی هربارت باشترین و گونجاوترین ڕێگای وانەوتنەوەی ڕێزمانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی، ئەو ڕێگەیە تێکەڵکردنی هەردوو ڕێگای پێوانەیی و هەڵهێنجانە، چونکە هەموو هەنگاوەکانی پلانی وانەوتنەوەی تێدایە، قوتابی لە هەنگاوی یەکەمەوە، هەر لەسەرەتای وتنەوەی بابەتەکە لە پێشەکیدا ئامادەکارییەکی دەروونی لادروست دەبێت بۆ بە بیرهاتنەوەی بابەتی ڕابردوو و بەرچاو ڕونیشە بۆ وەرگرتنی بابەتی نوێ.

لە هەنگاوی دووەم ماموستا بابەتەکە دەخاتەڕوو، چەند شێوازو ڕێگایەك دەگرێتەبەر بۆ ئاشکراکردنی بابەتەکە بۆ فێرکردنی قوتابیان، لە ڕێگای چەند چالاکییەك ڕاستی و دروستی زانیارییەکان دەگەیێنێت، بە گونجاوترین شێوە کە لەگەڵ ئاستی ژیری قوتابیان بگونجێت.

لە هەنگاوی سێیەم (بەراوردکردن یا پەیوەندیکردن) لایەنی زانستی وانەی نوێ بە وانەی پێشوو دەبەستێتەوە و پەیوەندی بابەتی پێشوو و تازە دەردەخات.

لەهەنگاوی چوارەمدا کە بەیەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی ریگەی هربارت دادەنرێت قوتابی دەگاتە دەرئەنجام بۆ فێربوونی یاساو ڕێسای بابەتە ڕێزمانییەکە.

لە هەنگاوی پێنجەم (ڕاهێنان) ماموستا جەخت لەسەر ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتنی فێرخوازەکان دەکاتەوە، بەمەستی تێگەیشتن و چەسپاندنی زانیارییە تازەکانە لە بیرو هزری قوتابیان، ئەویش لە ڕێگای چەند پرسیارێکەوە لە سەر بابەتەکە کە ئاراستەیان دەکات، یان بە پێی یاساکانی بابەتەڕێزمانییەکە داوای نموونەیان لێدەکات، ڕاهێنانی کۆتایی دەبێتە سەلماندن بۆ فێربوونی قوتابیان و ماموستا دەتوانێت چەند پرسیارێکیش لەسەر هەمان یاسا و بابەت وەکو ئەرکی ماڵەوە بسپێرێت.

**4- ڕێگای چالاکی:**

((ئەم ڕێگایە لەسەر چالاکی و هەوڵدانی قوتابیان بنیات دەنرێت، کاتێك ڕادەسپێردرێن نموونە کۆ بکەنەوە، دەق بهێنن کە نموونەکانی تێدا بێت، هەروەها ئەو شێوازو میتۆدانەی باس لە ڕێساکەدەکەن کە دەویسترێت بخوێندرێت و پاشان ماموستا لە گەڵیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، واتە لەسەر هەوڵ و کۆششی قوتابی و ماموستاوە وەستاوە، بەو پێیە ڕێساکە بە دەست دەهێنرێت و ڕێکدەخرێت))(فواد ابوالهيجاء: 2001: 109). ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی نەگونجاوە بۆ قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی، قوتابیانی ناوبراو نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە خۆیان بە دوای سەرچاوە بگەڕێن و زانیاری بابەتی ڕێزمانی داواکراو ئامادەبکەن، بەڵکو دەکرێت ئەم ڕێگایە لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆکان پەیڕەو بکرێت.

**5- ڕێگەی کێشەوگرفت :**

((لە ڕێگەی لقەکانی تری زمان بە تایبەتی(دەربڕین و داڕشتن، خوێندنەوە) بنیاتنراوە، بە جۆرێك ماموستا ئەم دەقانە دەکاتە دەستپێك و هۆیەك بۆ وروژاندنی کێشەیەك(مشکلە) کە بە دەوری دیاردە یان ڕێسایەکی ڕێزماندا دەسوڕێتەوە، پاشان سەرنجی قوتابیان بۆ ئەو دیاردەیە ڕادەکێشێت کە لەبابەتی لێکۆڵینەوەی بابەتە ڕێزمانییەکەیە و لە کتێبدا یان لە بەرنامەدا بڕیار دراوە بخوێنرێت، پاشان قوتابیان ڕادەسپێرێت کە بۆ ئەم دیاردە ڕێزمانییە نموونە کۆبکەنەوە، ئەمەش لەناو بابەتانەی کە لەبەردەستی قوتابییاندایە یا خود بابەتگەلی تردا بۆ وتوێژکردنی و بەدەستهێنانی ڕێساکە))( حەمەکەریم هەورامی:2011: 239).

بەهەمان شێوەی ڕێگای چالاکی قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی ناتوانن بە دوای سەرچاوە دا بگەڕێن و بابەتی ڕێزمانی بەدەست بهێنن، بەڵام دەکرێت ماموستای ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی کە بابەتێکی ڕێزمانی بە قوتابییان ئاشنا کرد لە ڕەگەزەکانی تری زمان وەك هۆنراوە، داڕشتن، خوێندنەوە جەخت لە بابەتی ڕێزمانی خوێندراو بکاتەوە ناوە ناوە بە چەند پرسیارێکی هەڵبژاردە، تا ماموستا بزانێ قوتابییەکان لە بابەتە ڕێزمانییە خوێندراوەکە تێگەیشتونە یان ڕێگایەك بێت بۆ جەخت کردنەوە لەسەر فێربوون و لە

بیرنەچوونەوە، بەڵام كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتێكی ڕێزمانی لە قۆناغی بنەڕەتی نەشیاوە، بەڵكو ئەم ڕێگایە بۆ قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی و زانكۆكان گونجاوە.

**3-1: پلان و گرنگی پلاندانان لە وانەوتنەوەی ڕێزماندا:**

ئێمە دەزانین لە ئەنجامدانی هەركارێك لەكارە ئاساییەكانی ڕۆژانەمان، پێویستمان بە بەرنامەو پلانێك هەیە، كە چۆن دەست پێبكەین و چ نەخشە ڕێگایەك بگرینەبەر بۆ ئەنجامدانی، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنەكە دابڕێژین و ڕێزبەندی بكەین و پێویستییەكانی دابین بكەین لەگەڵ ڕەچاوكردنی كاتی پێویست، تاوەكو لە كەشێكی ئارامی دەروونیدا كارەكە ئەنجام بدەین.

پرۆسەی پەروەردەكردن و فێركردن زۆر پێویستی بە پلاندانان هەیە، وانەوتنەوەش لە نێو ئەو پرۆسەیە بە بێ پلان دەبێتە نەپێكان و بەدینەهاتنی ئامانجە پەروەردەییەكان، یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەیەكی سەركەوتوو لەلایەن مامۆستاوە بێگومان پلانە، چونكە سەركەوتنی مامۆستا لە وانەوتنەوەدا بەندە بەتواناو لێهاتوویی مامۆستا لە ئامادەكردنی هەموو چالاكییەكانی پرۆسەكە بەپێی بەرنامەیەكی ڕێكخراو و تۆكمە، كە كۆی ئەمانە لە دانانی پلان بەدی دەهێنرێن.((پلانی وانەووتنەوە: بریتیە لە كۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوای یەك لەلایەن مامۆستای بابەت دارێژراوە لە كاتی وانەوتنەوەدا جێبەجێ دەكرێت بۆ بەرجەستەكردن و گەیشتن بەئامانجی دیاریكراو و بەسوود بینین لە هۆكار و ئامراز و تەكنەلۆژیای فێركاری دیاریكراو))( ڕەمەزان حەمەدمین: 2014: 64). بەمەش پلانی وانەوتنەوە بریتیە لە ڕیزبەندكردنی هەنگاوەكانی وانەوتنەوە، نەخشەی ڕێگای مامۆستایە، بۆبەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكان، كردارێكی ڕێك و گونجاوی فێركارییە بۆفێربوونی قوتابیان.

پابەندبوونی مامۆستا بە پێی پلانی ساڵانە و مانگانە و ڕۆژانە، هەر تەنیا سوود بەسیستەمی خویندن و قوتابیان ناگەیەنێت، بەڵكو خودی مامۆستایانیش لەم پرۆسەیەدا سوودمەند دەبن، چونكە كلیلی سەركەوتنی مامۆستاش لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا بەپلانەوە بەندە، پلاندانان لەوانە وتنەوە زۆر گرنگە وبەسوودە بۆ ئامادەبوونی مامۆستا بۆ وانەوتنەوە، لەم بارەوە نووسەر(ڕەسول ئیبراهیم ڕەسول) لە كتێبی(دەروازەیەك بۆ وانە وتنەوە) دەڵێت:

( 1- هۆكارە بۆ دیاری كردنی ئامانجەكان و بەدەستهێنانیان.

2- دیاریكردنی چالاكی و ئامرازەكانی فێركردن.

3- دووركەوتنەوە لە بەفیرۆدانی پەروەردەیی كات، كە لە بێ بەرنامەیی و بێسەروبەری دەپارێزێت.

4- متمانە بەخۆكردن دروست دەكات، لە ڕێگەی پێشكەش كردن و ڕێكخستنی وانەكە مامۆستا دەزانێت لە پۆلدا چی دەكات؟

5- هۆكارێكە بۆ گەشەكردنی لێهاتویی كەسایەتی زانستی مامۆستا و فێرخوازان.

6- جگە بۆ خۆئامادەكردن بۆ وانەوتنەوە و بابەتەكە، خۆی لە ئامادەكردنی نموونەی مۆدێرن و تازە و ئەو پرسیارانەی بیركردنەوە دەوروژێنن و چالاكیەكان ئاراستە دەكەن دەبینێتەوە.

7- یارمەتی دەدات لە دوركەوتنەوەی هەڵەی زانستی و دوو دڵی و لەبیرچونەوە و شڵەژان، و ئەو ڕوداوە چاوەڕواننەكراوانەی ڕووبەڕوی دەبنەوە.

8- دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی بۆ مامۆستا.

9- یارمەتی گەشەپێدانی پیشەیی دەدات، چونكە مامۆستای سەركەوتوو سوود لە هەڵەكانی وەردەگرێت و دووبارەیان ناكاتەوە و گەشە بە تواناكانی دەدات.

10- لەكاتی خۆئامادەكردن بۆ پلانی ڕۆژانە مامۆستا هەست بە زانیاری ناڕاست یان ئاڵۆز دەكات، بە پشت بەستن بەسەرچاوە سەرباری ڕاست كردنەوەی هەڵەكان، وڵامی ئەوشتانەشی دەست دەكەوێت كە نەزانراون.

11- یارمەتی باشتر ئامادەكردنی وانەكە و پرسیاری پێویست و گونجاو دەدات.

12- یارمەتی ئاشنابوونی مامۆستا بە یەكەكانی بابەتەكە دەدات.

13- درككردن و ئاشكراكردنی كەموكوڕییەكانی پرۆگرامی خوێندن.

14- ڕزگاربوونە لە لێپێچینەوەی سەرپەرشتیار.

15- یارمەتیدەرە بۆ كاتی گۆڕانی مامۆستا لە هەربارودۆخێكدا.

16- سەرباری هەموو ئەمانە فێرخواز ڕێز لە مامۆستای خاوەن پلان دەگرێت و هەست دەكەن گرنگی بەكارەكە دەدات))( رسول ابراهیم رسول: 2014: 67-68) .

لەم سوودانەی پلان بۆ مان دەردەكەوێت، ئەگەر پلان دانان بۆ هەموو كەسێك پێویست بێت، بۆ مامۆستایان زۆر پێویسترە بەگشتیو بۆ مامۆستایانی ڕێزمان بەتایبەتی، چونكە مامۆستای ڕێزمان وەكو مامۆستای بابەتەكانی تر هۆیەكانی فێركردنی هەمە

جۆری نییە، بۆ نموونە مامۆستای جوگرافیایا زانست چەندەها نەخشەو پۆستەرییان هەیە بۆ ڕوونکردنەوەوگەیاندنی بابەتەکە، بەڵام مامۆستای ڕێزمان تەنها پەرتووکی ڕێزمانی لە بەردەستە، بۆیە پێویستە مامۆستای ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی لە بازنەی سێیەمی خوێندن، خاوەن پلانێکی گونجاو و تایبەت بێت بۆ وانەوتنەوە، خاوەن سەلیقە و هەمیشە ڕووخۆش بێت لەگەڵ قوتابییان، بە زمانێکی شیرین گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییان بکات، هەمیشە وەکو کارەکتەرێکی کارای زمان بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. مامۆستای ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی زیاتر ئەرکی پەروەردەکردنی لە ئەستۆیە ئینجا فێرکردن، چونکە ئەگەر پەروەردەکەی تەندروست بێت، دەشتوانێت قوتابییان ئاشنا بکات بە لایەنی زانستی، کۆمەڵگایەك بنیاد بنێت کە دڵسۆزی زمان و خاك و نەتەوەکەی بێت.

**4-1: ئامانجی ڕێزمان لەم بازنەیەدا (بازنەی سێیەم):**

هەرئاستێك لە ئاستەکانی زمان، کە دەبێتە بەرنامە و پرۆگرام بۆ خوێندنی قوتابییان، بێگومان ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەو هەموو ئاستەکانی زمانیش بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گشتی زمان تەواوکەری یەکترن، بۆ فێربوونی زمانی دایك بە شێوەیەکی زانستی. ئامانجی خوێندنی ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی، ئامانجێکی هەستیار و بنچینەییە، بۆفێرکردنی قوتابیان لە یاساو ڕێساکانی زمانی کوردی، بە شێوەیەکی سادە و ساکار و جوان و خۆش و سەرنج ڕاکێش، بۆ ئەوەی قوتابیان وەری بگرن و لێی تێبگەن، تاوەکو ببێتە بنەمایەکی تۆکمە بۆ فێربوونی زمانیان.((ئاشناکردنی فێرخواز بە ڕێزمان و ساختاری زمان، هەروەها بە ئەدەبی کوردی لەخوێندنەوەی بنەڕەتیدا ئەرکی فێرگە و پلانی فێرکارییە، فێرخواز لە کۆتای خوێندنی بنەڕەتیدا دەبێت هێندە توانا و شارەزایی لە زمانی کوردیدا هەبێت))( کەریم مستەفا: 2008: 84).

ڕێزمان بە بابەتێکی زۆر گرنگ دادەنریت، بە بنەمایەکی گرنگیش دادەنرێت لە لێکۆڵینەوە لەهەموو زمانێکدا، لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی ئاخاوتن، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، شارەزابوون لە یاساکانی ڕستەسازی و وشەسازی، ئەمەش بە چاکترین ڕێگا دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی زمان و ئەو یاسا و دەستوورانەی هەن، دەبێ لە ڕیزمان تۆمار بکرێت، فێرخواز لێیان شارەزابن لە کاتی پێویست بگەڕێنەوە بۆ یاسا ڕێزمانییەکان، شارەزابوونی قوتابیان لە یاساکانی ڕێزمان بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا، دەبێتە هۆی کارامەبوونی قوتابی لە ئاخاوتن، شارەزادەبێت لە بەشەکانی ئاخاوتن و دروست بەکاریان دەهێنێت لە ڕستەدا، بە پابەندبوونی بە یاساکانی ڕێزمان.((ڕێزمان هۆیەکە بۆ پاراوی زمانی قسەکردن و نووسین، واتە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە هەڵەی ڕێزمانی دوربکەوێتەوە، چونکە بە ڕێگەی ڕێزمانییەوە قسەپێکەرانی هەر زمانێك دەتوانن دەربڕینی خۆیان ڕاستبکەنەوە، بە تایبەتی ئەو بیرەی قسەکەر دەیەوێت بە وردی واتاکەی بە گوێگر یاخوێنەر بگەیەنێت، بێ ئەوەیدەربڕینەکەی ببێتە هۆی ئاڵۆزی یان تێکدانی بیرەکە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕێزمان و واتا هەیە))( تالیب حوسین عەلی: 2002: 2). پابەندبوونی قوتابیان لە قۆناغی بنەڕەتیدا، بە تایبەتی(بازنەی سێیەم) بە یاساکانی ڕێزمان، دەبێتە هۆکاری دروستی لە دەربڕین و نوسیندا، وایلێدەکات لە دەربڕینی ڕەمەکی دووربکەوێتەوە و بە ئاسانی گفتوگۆ بکات بە ئاخاوتنێکی پاراوی ڕێزمانی بەشێوەیەکی زانستی و واتادار.

لە ئامانجەکانی گوتنەوەی ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی، بە دیهێنانی ئامانجە مەعریفیەکانی قوتابییە بۆ فێربوونی زمانی دایك، لە مبارەوە (د. سمیح ابو مغلی) لە بارەی ئامانجەکانی گوتنەوەی ڕێزمان چەند خاڵێك دیاری دەکات:

((1- قوتابیان توانستی ئەوە پەیدابکەن، بنووسن،یان بخوێننەوە و بەزمانێکی هەستیان دەربڕن، بەجۆرێك کە هیچ ماندوونەبن زۆریش لەخۆیان نەکەن.

2- قوتابییان بتوانن هەڵە لە ڕاست جوێ بکەنەوە و بزانن بۆ هەڵەیە ڕاستەکەی چۆنە و لە زماندا بە ڕاستی بەکاری بهێنن.

3- قوتابی هەڵکەوتی وشە لە ناو ڕستەدا دەربکبکات و بزانێت، کە یاریدەی ورد و زوو تێگەیشتنی دەدات.

4- قوتابی بتوانێت فرمان لە چاوگەوە وەربگرێت و گەردانی بکات و بەکاری بهێنێت.

5- قوتابی بەرانبەری لە نێوان ڕاست و هەڵەدا بکات، بەرێك و پێکی بیربکاتەوە، وردی تێبینیکردن و گەشەپێبدات.

6- بتوانن ڕێسا ڕێزمانیەکان لەناو نموونەکانەوە و لەدەقەکاندا بدۆزنەوە و هەڵیان بهێنجنن(الاستنباط).

7- قوتابی شێوەزار و تەرزەکانی زمانی کورد بزانێت))( سمیح ابو مغلی: 2015: 111-112) .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندنی ڕێزمان زۆر پێویستە لە قۆناغی بنەڕەتیدا، بە تایبەتی لە بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی، چونکە دەبێتە بە دیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی زمانی، قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتی واپەروەردە دەبێت و ئەو توانستەی لافەراهەم دەبێت، کە بتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بنووسێتەوە، بەشێوەیەکی سادە و ساکار بیروبۆچوونی

خۆی دەربرێت، توانای ئەوەی لا گەڵاڵە ببێت کە ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لێك جیابکاتەوە و پابەند بێت بەلایەنی یاسای ڕێزمانی و شارەزایی پەیدابکات لەدەنگ و جۆرەکانی وشە و جۆرەکانی وشە بە پێی مۆرفۆلۆژی، ئەرکی وشە لە ڕستەدا و هەریەك لەم بەشانە بناسێتەوە، قوتابی توانای شیکردنەوەی پێکهاتەی وشە و ڕستەی هەبێت، و یاسا ڕێزمانییەکانی بناسێتەوە کە هەردەقێکی چاوپێکەوت، پابەند بێت بەشێوەزاری خوێندن(زمانی نووسین). بێگومان قوتابییان هەر لە باخچەی ساوایانەوە ئاشنا دەکرێن بە ڕێزمان، فێری پیتەکانی زمانی کوردی دەکرێن، دیارەکە پیتیش بچووکترین دانەی زمانە، ئیتر ساڵبەساڵ بەپێ ئاست و تەمەنییان و بە شێوەیەکی فراوانتر ئاشنای زمانەکەیان دەبن.

**5-1 : چەمك و زاراوەی پرۆگرام**

واتای بڕی ئەو زانیاریانە دەبەخشێت کە هەندێك جار بە ناوەڕۆك ناو دەبرێت، مەبەست لێی ئەوچالاکییە فێرکاریانەیە کە ناوەڕۆك دەگەیەنێتە فێرخواز، هەروەها ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە کە لە فێربوونی ئەو ناوەرۆکانە بە دەست دێن، سەرباری ئەوەی مامۆستا و قوتابی و ژینگە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. چەمکی پرۆگرام زۆر بەرفراوانە تا ئەو کاتەی تەواو پرۆسەی پەروەردە لە خۆ دەگرێت. لەو کاتەی بۆیەکەم جار قوتابخانە دامەزرا بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئامادەبکات، یەکەم گرفت کە هاتەپێش چی فێری قوتابی بکەن یان چۆن فێری قوتابی بکەن، پەروەردەکاران سروشتی چۆنیەتی فێرکردنەکەیان ناونا پرۆگرام.

چەمکی پرۆگرام ئەزموونی فێربوونی ئامانجدار لەخۆدەگرێت کە لەمیانەیدا فێرخواز بەدەستی دەهێنێت، یان مەعریفە و کارامەیی و (تەکانی پێش دەخات، ئەمانە پێکهێنەری زانستی فێرخوازن، کە ئاماژە بە ڕێگاکانی فێربوونی پلان بۆ دانراویان نەخشە بۆ کێشراو دەکەن کە دەبێتە وەڵام بۆ پێداویستیەکانی فێرخواز)( سادق ئەحمەد عوسمان: 2014: 47).

**6-1 : فەلسەفەی پرۆگرامی خوێندن لەبواری پەروەردە:**

فەلسەفەی پرۆگرام بریتییە لە کۆمەڵێك هزری بە یەکەوە بەستراو لە وێنەی میتۆدێك دەردەکەوێت، بە دوای حەقیقەتی گەردوون و دیاردە سروشتی و مرۆییەکاندا دەگەڕێت، هەروەها لە بنەچە و ڕەگی شتەکان دەکۆڵێتەوە. بناغەی فەلسەفی پرۆگرامیش بنەمایەکە لە بنەماکانی ڕێکخستنی قوتابخانە، کە تیایدا وانەبێژ بە چ ڕێگایەك و بەچ شێوازێك ئەو بابەتەی دەیەوێت دەیخوێنێت. بۆیە فەلسەفە پێویستە بۆ (داڕشتن و پاساودانی ئامانجەکان و هەڵبژاردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی دێنە پێشەوە، بۆیە باوەڕ بە خۆ بوون لێرەدا دێتە ئاراوە کە چۆن پشت بە دانانی پرۆگرامێکی باش دەبەستیت) (سادق ئەحمەد عوسمان: 2014: 48).

(پرۆگرام بەبێ دیاریکردنی ئامانج هیچ ڕۆڵێکی نابێت، چونکە مەبەستی سەرەکی پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانجە، لەبەرئەوەی زۆر پێویستە کە دانەرانی پرۆگرام ڕەچاوی ئامانجە پەروەردەییەکان بکەن و هەوڵی دانانی ئەو ئامانجانە بدەن، کە پێویستە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و تاك، سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئاگاداری گۆڕانکارییە دراماتیك و خێراکانی ژیان بن و بەردەوام لە هەوڵی دووبارە پێداچوونەوەی پرۆگرامەکان بن، بۆیە گۆڕانکاری کردن لە ئامانج و شێوازی پرۆگرام پێویستە)(کەریم شەریف قەرەچەتانی: 2008 : 34).

کەواتە پێویستە پێش ئەوەی پرۆگرام دابنرێت ئامانجەکان دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بهێنرێتە دی((لەبواری پەروەردەو فێرکردن ئامانجەکان تەواوی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن وادەکات هەموو ئەو ڕەگەزانەی نێو پرۆسەکە بەشدارن کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بکەن، ئامانجە پەروەردەییەکان بە پێویستییەکی سەرەکی دادەنرێن پێش وانەوتنەوە و پرۆسەی فێرکاری، واتە ئەگەر مامۆستا ئامانجی لە وتنەوەی وانەیەکدا دانابوو ئەوا چەندێتی بەدیهێنانی لە ڕەگەزەکانی جێبەجێکردنی و هەڵسەنگاندن دا ئاسان دەبێت، بۆیە پێویستە بەر لە دانانی (پرۆگرام و پەرتووك و بابەتەکانی خوێندن) ئامانجە فێرکارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکاری دیاری بکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەڵسەنگاندنی ئەزموونە فێرکارییەکان ئەنجام بدرێت و ڕێگا و ئامرازە فێرکارییە گونجاوەکانی بۆ دەست نیشان بکرێت))(کەریم ئەحمەد عەزیز:2014: 7). بەمەش پرۆگرام پەیامی خۆی دەپێکێت، چونکە ئامانجی پەروەردەیی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

(ئامانج یارمەتیدەری سەرەکییە بۆ پرۆسەی فێرکردن بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکی مامۆستا و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە وئامرازەکانی ڕوونکردنەوە لە خزمەتی هێنانەدی ئامانجەکاندا بن و بەو ئاڕاستە بێت کە کەسایەتی فێرخواز بەو شێوەیە گەشە بکات کە ئامانجەکان بۆی دیاریکراون، بەڵام ئەگەر ئامانج نەبێت، ئەوا سەرجەم کارو چالاکییەکانی پرۆسەی فێرکردن پەرتەوازە دەبێت و بەرەو ئاڕاستە و خاڵێکی دیاریکراو کە ئامانجە ناڕوات، کەواتە دیاریکردنی ئامانج دەبێت بە ڕێنیشاندەری مامۆستا و

بەڕێوبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ناهێڵێت چالاکی و هێز و ماندووبوونەکان بە فیڕۆ بڕۆن)(کەریم شەریف قەرەچەتانی: 2008: 34-35)، بۆیە دەبیت ئامانجەکان بە شێوەیەك ریکخرابن کە فێربوون لای فێرخواز بهێنێتە دی و ئاراستەی پەروەردەیی خۆی بپێکێت.

بەرنامە وپڕۆگرامی خوێندن بریتیە لە((چەند کۆرسێك، ناوەڕۆکی کۆرسەکان ئەو بابەتانە لە خۆ دەگرێت کە لە هەر کۆرسێك دەخوێندرێن و لەگەل پلانێکی فێرکردن، لە قوتابخانە یان زانکۆ پێشکەش دەکرێت کە بە هۆیەوە ئاستی پەروەردەیی منداڵ گەشە دەکات تا دەگاتە قۆناغێکی پێگەیشتوو(واتە پەروەردە کراو). پرۆگرامی خوێندن پتر ئاڕاستەکراو و بەرەو پێش بردنە،پتر بەچەند پلانێکی خوێندنەوە بەندە کە بە ڕوونی ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە قوتابی فێریان ببێت، بۆگەیشتن بە ئاستێك بۆ دەستنیشان کردنی قۆناغێکی خوێندن))( ئەحمەد محمد قرنی: 2009: 69 ).

(بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن یەکێکی ترە لە فاکتەرە گرنگەکان و ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دا هەیە و دەبێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و ئاستی فێرخواز دابنرێت، لە لایەکی تریشەوە حەزوو و ئارەزو و توانای فێرخواز لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێ، لە بەرئەوە دەبێت لە کاتی دانانی پرۆگرام و ئاڕاستەکردنی خوێندکاراندا ڕەچاوی ئەو توانا و حەزو ئارەزووانە بکرێت)( کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی:2008: 14).

کەواتە پرۆگرامی خوێندن لایەنێکی گرنگ و بایەخدارە لە کرداری وانەوتنەوەدا، پێویستە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن گونجاو بێت لەگەڵ توانا و ئاستی گەشەکردنی هزری قوتابی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە نەخشەی بۆ دانراوە.

**7-1: ڕێزمان لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن لە بازنەی دووەمدا:**

((خوێندنی ڕێزمان تەنیا لەپێناوی دروستی دەربڕیندایە، ئەویش بەقسەکردن و نووسین، سەرباری ئەمانەش بۆ تێگەیشتنی بیرەکان و دەرککردنی واتاکان بە ئاسانی، بۆیە زۆر مەشق و ڕاهێنان کردن و تێبینی کردنی ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان لەدەقەکاندا و لە هەڵوێستە زمانەوانییە زیندووەکاندا، وا لە قوتابیان دەکات کە ڕێساکانی(ڕێزمان) تێبگەن و هەستی پێ بکەن بە پێی ئەم ڕێساییانە و بە ئاسانی و بە سەلیقەوە دەست بکەن بە قسەکردن و نووسین بە ڕەهایی))( سمیح ابو مغلی: 2008: 52). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، لەریگەی خوێندنی ڕێزمانەوە پەرە بە زمان دەدرێت زمان بەرەو پاراوی دەبەن.

ڕێزمان زانستێکی سەربەخۆی خاوەن پرۆگرامێکی تایبەتی و بابەتێکی ئاشکرا و دیارە، ئەم یاسایانەی کە بۆی دارێژراون زادەی بیرێکی پەتی و قووڵ و سەرنجێکی وورد و لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی زمانە لە بەرئەمە فێربوونی ڕێزمان پێویستی بە زەینێکی ڕوون و سەرنجی وورد هەیە (بۆ ئەوەی خوێندەوار بگات بە پایەی فێربوونی زمان و ئاخاوتنی ڕێك و ڕەوان، ڕێزمان هۆیەکی کزی فێربوونی زمانە، لەهەمان کاتدا نیشانەی هەرە گەورەی سەرکەوتنی ئەو زمانەیە، لقێکە لە لقەکانی فێربوونی زمان )( حەمەکەریم هەورامی: 2010: 229). مەبەست لەمە ئەوەیە کە فێربوونی زمان تەنها لەڕێگەی ڕێزمانەوە کاریکی ئامانجدار نابێت، بەلکو لەفێربوونی زمان ڕێزمان لەتەك هۆیەکانی تری فێربوون کاریکی ئامانجدار دەبێت.

**بەشی دووەم**

**2-1: ڕێزمانی کوردی لە پرۆگرامی ئێستای خوێندندا**

لە پرۆگرامەکانی ئێستای خوێندنی زمانی کوردی، ڕێزمان بە شێوەی بەرچاو کاری لەسەر کراوە لە بازنەی سێیەمدا پۆلەکانی(حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)، بەشێوەیەك کە پەرتووکەکان یەك لەدوای یەك ئەوەی دیکە تەواو دەکەن لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا.

نەخشە ڕێگەی ئێستای خوێندنی ڕێزمانی کوردی لە بازنەی سێیەم لەم خشتەیەدا روونکراوەتەوە.

| بازنەی سێیەم | | |
|---|---|---|
| پۆلی حەوتەم | پۆلی هەشتەم | پۆلی نۆیەم |
| کەرەستەکانی نووسین | ناو لەرووی رەگەزەوە | ناو لەرووی دارشتنەوە |
| دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە | نیشانەتایبەتییەکانی نێر و مێ | چاووگ |
| شێوەکانی وشە | ناوی نەناسراو و ناوی ناسراو | چاووگ لەرووی دارشتنەوە |
| بڕگەکانی پەیڤ (وشە) | ناوی بچوککراوە | بەکارهێنانی چاووگ وەکو ناو |

| | | |
|---|---|---|
| جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ | جێناوی کەسی لکاو | ڕەگی کار |
| جۆرەکان ڕستە بەپێی ناوەڕۆك | هاوەڵناو | چاووگ سەرچاوەی دارشتنی کارە |
| ڕستەی ئەرێ و ڕستەی نەرێ | هاوەڵناوی چۆنییەتی | دەمەکانی کار |
| ڕستەی پرس | پلەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی | کاری ڕانەبردوو |
| ڕستەی سەرسورمان | هاوەڵناوی نیشانە | کاری داخوازی |
| بنچینەکانی ڕستە | جێناوی نیشانە | کاری بکەردیار و بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی خواروو |
| کاری تەواو و ناتەواو | جیاوازی نێوان هاوەڵناوی نیشانە و جێناوی نیشانە | کاری بکەردیار و بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو |
| دیارخەری ناو تەواوکەری کار | هاوەڵکار | جێناوی پرس |
| ناو | جۆرەکانی هاوەڵکار | هاوەڵناوی پرس |
| جۆرەکانی ناو | گرێی ناوی | هاوەڵکاری پرس |
| ئەرکی ناو لەرستەدا | گرێی هاوەڵکاری | ڕستەی لێکدراو |
| جێناوی کەسی سەربەخۆ | گرێی هاوەڵناوی | ئامرازی پەیوەندی |
| چاووگ | کاری تێپەر و کاری تێنەپەر | ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ) |
| کار لەرووی دەم وکاتەوە | بەرکار | |

**2-2: شێوازی خستنەرووی ڕێزمان لەم بازنەیە**

بابەتی (     ) لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆنموونە وەردەگرین.

1-ناونیشان: بابەتە ڕێزمانییەکە نووسراوە بۆ نموونە.

2-نموونە: نموونەی بە ڕستە بۆ بابەتەکە هێناوەتەوە.

3-خستنەڕوو: ڕاڤەی ڕستەکان دەکات و ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەدات.

4-دەستوور: ئەو ڕاڤەکردنەی بۆ خستنەڕوو کراوە کورت دەکرێتەوە و دەکرێت بە یاسا و بە فێرخواز لە بەردەکرێت.

5-ڕاهێنان: چەند ڕاهێنانێك دانراوە بۆ بابەتە ڕێزمانییەکە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە لە بابەتەکە(سادق ئەحمەد عوسمان: 2014: 106). بۆ نموونە

بابەتی (کار ) لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆنموونە وەردەگرین.

1-ناونیشان: لە دەقێك بابەتەڕێزمانییەکە نووسراوە(کار).

2-نموونە: نموونەی بە ڕستە بۆ بابەتەکە هێناوەتەوە.

3-خستنەڕوو: ڕاڤەی ڕستەکان دەکات و ڕوونکردنەوەیان لە سەر دەدات.

4-دەستوور: ئەو ڕاڤەکردنەی بۆ خستنەڕوو کراوە کورت دەکرێتەوە و دەکرێت بە یاسا و بەفێرخواز لەبەردەکرێت.

5-ڕاهێنان: چەند ڕاهێنانێك دانراوە بۆ بابەتە ڕێزمانییەکە، بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە لە بابەتەکە.

**3-2: ئامانجی فێرکاری ڕێزمان بەنموونە (کار) لەبازنەی سێیەمی خوێندندا:**

پەروەردەی هەر وڵاتێك سیاسەت و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئاڕاستەکردنی تاکەکانی لە هەر ناوەندێکی خوێندن دابێت، بۆ ئەوەی تاکی بیرمەند بەرهەم بهێنێت، بەمەش چەندین پرەنسیپ و پرۆگرامی تایبەت لە خۆدەگرێت، کە هەریەکەیان دەرهاویشتەی بیرکردنەوەی کۆمەڵێکی زانستی و کۆکردنەوەی زادەی بیری چەندان پسپۆر(خەبیر)ە، هەر وڵاتێك جۆرێکی تایبەت لە سیاسەتی پەروەردە جێبەجێ دەکات، کە هاوشانی ئەزموونی فیکری تاکەکانە بە جۆرێك باشترین و چاکترین نەوەی زانستی بەرهەم بهێنێت لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە. هەڵبەتە کوردستانیش بێ بەش نەبووە لەم ڕێرەوە فکریە، دەبینین ساڵانە چەندین کۆنفرانس دەکرێت بۆئەوەی ئامانجێکی مەعریفی باش بەرهەم بهێنرێت،

پێویسته پرۆگرامەكان لەسەر بنەمای فكری ئەم ناوەندە بەرجەستە بووبێت، دەبێت پرۆگرام و ڕێكخستنی بابەتەكانی خوێندن بە جۆرێك بێت، لەگەڵ ئاستی بیركردنەوەی قوتابیان بگونجێت، دەبێت قوتابیان بەرەو ئاسۆیەكی گەش ئاڕاستە بكات.

یەكێك لەو هۆكارانەی كە وەزارەتی پەروەردە و فێركردن لە پرۆگرامی خوێندندا ئیشی لەسەر كردووە، بە بازنەكردنی پۆلەكانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی بووە، بەجۆرێك پۆلەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم بازنەی یەكەم وپۆلەكانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بازنەی دووەم، هەروەها پۆلەكانی حەوت و هەشت و نۆ بازنەی سێیەم، پۆلەكانی دەو یازدەو دوازدە بازنەی چوارەم پێكدەهێنن، هەڵبەتە ئەم كارەش بێ ئامانج نەبووە، بەڵكو دەیانەوێت لە هەر بازنەیەك ئامانجێكی پوختكراو بە دەست بهێنن و ئامادەباشی بكرێت بۆ بازنەی داهاتوو، ئەم كارەش لە ڕێگەی چەندین شارەزای بەتواناوە بە ئەنجام گەیاندراوە، بە شێوەیەك بابەتەكان لە ئاست بازنەكان هاوسەنگی خۆیان پاراستووە، بە شێوەیەك یەكێتی بیر و ڕیزبەندی بابەتەكان بە شێوەیەكی دەروونی و زانستییانە ڕێكخراوە و یەك بەدوای یەكداهاتنی بابەتەكان تەواوكەری بیرە سەرەكی و ئامانجە دیاریكراوەكانە لە هەر بازنەیەكدا، بەم شێوەیە ئامانجە فێركاری و پەروەردەییەكان باشتر بەرجەستە دەبن. بۆنموونە ئەگەر باس لە بابەتەكانی زمانی كوردی بكەین لە بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی كە یەكێكە لەو بازنانەی بنیاتی قوتابی پێوە بەندە، دەبینین بابەتەكان هەرەمەكی دانەنراون، بەڵكو تەواوكەری یەكترن بە پێی چەند پرەنسیپ و بنەمایەكی زانستی هەر بابەتە و بە جۆرێك خزمەتی بابەتی دوای خۆی دەكات بۆ نموونە لە بابەتی ڕێزمان دەبینین جگە لە وەی لە بازنەی سێیەم بە گشتی ئامانجێكی دیاریكراوی هەیە كە تیایدا بابەتەكان زۆر بەباشی ڕێكخراوە و ڕیزبەند كراون لە پۆلی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم كە خزمەتی ئامانجی ئاڕاستەكراو دەكات.

باسەكەی ئێمە ئامانجی فێركارییە لەبابەتی ڕێزمان بەنموونە كار وەرگیراوە، سەرەتا باس لەوە دەكەین كەئامانجی گشتی بازنەكە لە بابەتی ڕێزمان چییە؟ ئینجا ئامانجی تایبەتی لە بابەتەكە چییە؟ لە هەر سێ پۆلەكەی بازنەكەدا، بەمەش دەبینین بابەتەكان لە گشتییەوە بۆ تایبەتی ڕیزكراون، بە جۆرێك لە دوا خاڵدا پوختەیەك دەدەن بە دەستەوە لەسەر بابەتەكانی پەرتووكە دیاریكراوەكە، تاوەكو قوتابی بتوانێت بە ئاسانترین شێوە فێری بێت و گۆڕانكاری لە ڕەفتاری فێركاری ڕووبدات.

فێربوونی قوتابی مەرجی سەرەكییە لە پرۆگرامی نوێدا، چونكە لێرەدا قوتابی سەنتەرە، بەواتایەكی تر پرۆگرام و مامۆستاكان لە خزمەتی قوتابی دان، تاوەكو نەوەیەكی باشتر بە دونیا بناسێنن، بۆیە دەبینین هەر بازنەیەك لە سێ پۆلی جیاواز پێكهاتووەو سێ پەرتووكی جیاواز لەخۆدەگرێت كە هەر پەرتووكەی بە جۆرێكی تری جیاواز لەوەی پێش خۆی لە خزمەتی ئامانجە گشتییەكە دانراوە كە هەر پەرتووكەی لەسەر ڕێبازێكی دیاریكراو هەنگاو دەنێت و قوتابی ئاشنا دەكات بەئامانجەكانی بازنەكە، ڕیزبەندكردنی بابەتەكان بە جۆرێكە لە خزمەتی ئامانجەكەیە، ئەوەتا سێ پەرتووكی زمانی كوردی لە بازنەی سێیەم بەشێوەی جیاواز دانراون:

1-زمان و ئەدەبی كوردی پۆلی حەوتەم

2- زمان و ئەدەبی كوردی پۆلی هەشتەم

3- زمان و ئەدەبی كوردی پۆلی نۆیەم

لێرەدا ئەگەر چی هەر سێ پەرتووكەكە باسی ڕێزمانی كوردی دەكەن، بەڵام لە ناونیشان و ناوەڕۆك و ڕیزبەندكردنی بابەتەكان دیارە كە وەكو یەك نیین و هەریەكەیان بەجۆرێك داڕێژراوە كە بابەتەكان لە ئاست ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی بن، بەو شێوەیەی كە قوتابی دەتوانێت وەری بگرێت بە شێوەیەكی زانستیانە، ئەمە هاوكات لەگەڵ ئەوەی قوتابی ئاڕاستە دەكات بۆ ئامانجە دیاریكراوەكە، چونكە دانانی بازنەكان لەسەر چەند بنەمایەك دانراوە لەوانە: ڕادەی ژیری قوتابی و تەمەنی قوتابی ئەمانە وا دەكات پرۆسەی پەروەردە و فێركردن بەشێوەیەكی باشتر بەڕێوەبچێت و ئەنجامی باشتری هەبێت.

لەم بازنەیەدا بابەتەكان بە شێوەیەك ڕێكخراوە كە كار لە سەر هەموو كەرەسەكانی زمان كراوە لەپیت و وشە و ڕستە،بە جۆرێك لە سەرەتادا بابەتەكان بەگشتی خراوەتەڕوو ئینجا پوخت كراوە، لە پەرتووكی یەكەمدا بابەتەكان لەتایبەتەوە بۆ گشت ریزكراون، بەجۆرێك سەرەتا باس لەبابەتەكانی زمان كراوە بەگشتی، لە بچوكترین ئاستەوە دەست پێدەكات كە باس لە كەرەسەكانی نوسین كراوە دواتر دەچێتە سەر وشەو گرێ ئینجا ڕستە و جۆرەكانی ڕستە، ئینجا لەگشتەوە بۆ تایبەتی بوون دەچێتەوە، بەوەی لە ناو ڕستەوە كەرەسەكانی پێكهاتی ڕستە یەكە بە یەكە دەخاتە بەرباس، هەڵبەتە ئەم بابەتانەی لەم پەرتوكە باسكراون تەواوی زمان و ڕێزمانە، بەڵام بەشێوەیەكی سادەو ساكار ڕێكخراوە وەكو ڕێبەریك وایە ئامادەباشی دەكات بۆ دووپەرتووكەكەی تری(هەشتەم و نۆیەم)ی هەمان بازنە.

بابەتەكان بەشێوەیەك ریكخراوە تەواوكەری یەكترن، تا وەكو دەگات بەئامانجی پەرتووكەكە ئەویش خستەڕووی بابەتی(كار)ە، هەرسێ پەرتووكەكە بەشێوەیەكی زانستیانە بابەتەكانیان لە خزمەتی ڕێزمان بەگشتی و بابەتی كار بەتایبەتی ڕێكخراوە، لیرەوە بە

شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گرنگی کار لە ڕێزمان و ئەو کەرەسانەی لەگەڵیدا دێن خراوەتەڕوو، بەڵام هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز و تەواوکەری یەکترین.

**2-3-1: چۆنییەتی خستنەڕوی بابەتە ڕێزمانییەکان بە گشتی و بابەتی (کار) بە نموونە لە پەرتووکی حەوتەم:**

لەپۆلی حەوتەم بابەتەکان لەتایبەتەوە بۆگشت لە(پیتەوە بۆ ڕستە) ئینجا بەشێوەیەکی تر ئەمجارە لە گشتەوە دەچێتە تایبەتی بەجۆرێك لە ڕستەوە کەرەسەکان بە دیاریکراوی یەکە یەکیان تیشك دەخاتەسەر، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئامانجە پەروەردەییەکە ئەوەیە کاتێك لە بچوکترین ئاستی زمانەوە دەچێتە گەورەترین ئاستی ڕێزمان (ڕستە)یە، لەوێدا وێنەیەکی گشتی ڕستە بە قوتابی پێشان دەدات، ئینجا لە وێنە گشتییەکەوە کە ڕستەیە کەرەسەکان یەك یەك بە پێی تایبەتمەندی خۆیان باس دەکاتەوە، دەیەوێت بە ناڕاشکرایی ئەوە فێری قوتابی بکات، هەموو کەرەسەکان لەخزمەتی کار دان، بە مانایەکی تر(کار) گرنگترین بەشی ڕستەیە و هەموو کەرەسەکانی تر کۆنترۆڵ دەکات کە لەسنوری رستەدا لەگەڵیدا دێن.

ئەوەی لەم پەرتووکە بەئامانج گیراوە(کار)ە، بەهۆی ئەوەی کار لە ڕێزماندا گرنگە، پێش ئەوە هەندێ کەرەسەی تر باسکراوە کە لە ڕستەدا لەگەڵی دێن وەکو (ناو، جێناو، ئاوەڵکار)، تا وەکو ئامادەباشی تەواوبکات لە باسکردنی کاردا بۆ ئاسانبوونی تێگەیشتن.

**2-3-2: چۆنییەتی خستنەڕوی بابەتە ڕێزمانییەکان بە گشتی و بابەتی (کار) بە نموونە لە پەرتووکی هەشتەم:**

لە پەرتووکی پۆلی هەشتەمدا (زمان و ئەدەبی کوردی) لە بەشی ڕێزماندا بە شێوەیەکی فراوانتر و ڕونکردنەوەی زیاتر بابەتەکان ڕێکخراوە لە ئامادەباشی بۆ ناساندنی کار، بابەتەکان لە شێوەی بەشەکانی ئاخاوتن(ناو، جێناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) ڕیزکراون، ئەمجارەیان لە تایبەتەوە بەرەو گشتبوون دەڕوات، بەوەی یەك یەك بەشەکانی ئاخاوتن دیاریدەکات پێناسەیان دەکات، تایبەتمەندییەکانیان و جۆرەکانیان دەخاتەڕوو لەوێوە(کار)یش وەکو بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن باسکراوە، هەڵبەتە ئەمەشیان دیسانەوە بۆ ئەوە بووە کە ئەو کەرەستانەی لەگەڵ کاردێن لەڕستەدا وەکو (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار). لەم پەرتووکە ئامادەباشیکراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قوڵتر بچێتە ناو کار تاوەکو پەیامی زیاتر و تەواوکەری زیاتر بگەیەنێت، لە پەرتووکی پێشتری خۆی لە هەمان بازنەدا، هەڵبەتە ئەمەش بۆ ئەوەی قوتابی زیاتر بباتە ناو بابەتەکە و ئامادەی بکات بۆ بابەتەکانی نێوپەرتووکی داهاتوو، کە زیاتر لەئامانجی بازنکە نزیك دەبێتەوە.

**2-3-3: چۆنییەتی خستنەڕوی بابەتە ڕێزمانییەکان بە گشتی و بابەتی (کار) بە نموونە لە پەرتووکی نۆیەم:**

لە پەرتوکی نۆیەمدا(زمان و ئەدەبی کوردی) هێنانەدی ئامانجی بازنەکەیە، ئەمیش پەیوەندی نێوان (کار و ڕێزمان)ە، کە ئەویش دروستکردنی رستەیە، چۆن لەرێگەی کار و ئەو کەرەستانەی کە لەگەڵیدا دێن ڕستە دروست دەکەن، ئەوە بە قوتابی ئاشنا دەکات کە لە دروستکردنی رستەدا کار گرنگترین بەشە.

ئەو ریبازەی ئەم پەرتووکە (ڕێزمان و ئەدەبی کوردی پۆلی نۆیەم)، کاری لە سەر کردووە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمانە لە سنوری رستەدا، چۆن لە رێگەی بەشەکانی ڕستەوە دەچینە ناو ڕستە، بەمەش لە تایبەتەوە دەچێتە گشت، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە ئامادەباشیکراوە، بەوەی لەدوو پەرتووکەکەی تر ریزکرابوون، ئینجا لێرەدا بەشێوەیەك کە دەچێتە سەر بناغەی (کار) کە (چاووگ)ە، لەوێوە بەباسی(ڕەگی کار)و (قەدی کار)ەوە دەست پێدەکات، دواتر کار و جۆرەکانی کار و رستە و جۆرەکانی ڕستە، دەکرێت بلێین ئەمەیە ئامانجی بازنەکە، کە چۆن ڕستە لە چەند کەرەستەیەك پێکدێت هەموو کەرەسەکان لە پەرتووکی یەکەم و دووەمی بازنەکە باسکران، لە دواییدا بەشێوەیەکی قوڵ و تەواوکەر لەم پەرتووکە ئەو کەرەسانە لە خزمەتی رستەدا بەکاردەهێنێت، هەڵبەتە پێش ئەوەی بچێتە ناو رستەوە باس لە کار کراوە لەرێگەی(چاووگ)و (ڕەگی کار)ەوە دەچێتە ناو بابەتی (کار)، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئامانجی فێرکاری لەم بازنەیەدا (کار)ە ئەمیش گرنگترین بەشی رستەیە لە ڕێزماندا.

لێرە بابەتەکان لە ڕێزمانەوە دەچنە ئاستێکی بەرزتر ئەویش ڕێزمانی ڕستەیە، بابەتەکان لە سنووری ڕستەسازییەوە باسکراون بەشێوەیەکی فراوانتر دێنە بەرچاو، قوتابیش ئامادەباشی بۆکراوە تاوەکو لێیان تێبگات و فێریان بێت.

**2-3-4: چۆنییەتی خستنەڕوی بابەتە ڕێزمانییەکان بە گشتی و بابەتی (کار) لە بازنەی سێیەمدا :**

بابەتی ڕێزمان بابەتێکی گرنگە لە زماندا، ئەمش بەهۆی ئەوەی لەبەر ئەوەی کار لەسەر دوو ئاستی تر دەکات، ئەوانیش (وشەسازی و رستەسازی)یە، لەم بازنەیەدا بۆ خستەرووی بابەتی(کار) وەکو بابەتێك لە بابەتە ڕێزمانییەکان لەبەشی ریزمان کار لەسەر هەردوو

ئاستەکەی تری ڕێزمان کراوە لەریگەی هەرسێ پەرتووکی پۆلەکانی(حەوتەم وهەشتەم و نۆیەم)، ئەوەتا سەرەتا بابەتەکانی زمان بەشێوەیەکی گشتی لەبچوکترین ئاستەوە بۆ گەورەترین ئاستی ڕێزمان(دەنگ، پیت، وشە، گرێ، ڕستە) دەخاتەڕوو، دواتر بابەتەکان لەرووی وشەسازییەوە، کە مەبەست بەشەئاخاوتنیان دیاردەکات، لەوێدا کاریش وەکو بەشێك لەبەشەکانی ئاخاوتن ئاخاوتن دەخاتەروو، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، دواتر لەسنوری ڕستەسازییەوە کار دەخاتەروو، کەچۆن لەرستەدا خۆی دەنوێنیت و ڕۆڵ دەگێرێت، لەوێشەوە وینەگشتییەکەمان پی ئاشنا دەکات لەزماندا، کە پەیوەندییەکی زۆر گرنگ لەنیوان کار و رستەدا هەیە جا ئەو کەرەسانەی زمانیش دەخاتە روو کە لەگەل کاردا دێن.

بەهۆی ئەوەی کار بابەتێکی گرنگی ڕێزمانە، لیرەدا دەکرێت بڵێین: کار واتە رستە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کار لەرستەدا کەرەستەکانی هەڵدەبژێرێت کە واتای تەواو دەکەن بۆ ئەوەی رستەیەکی ریزمانی پوخت بهرهەم بێت، لە رستەی کاری تێپەر(بکەر+ بەرکار+ کار)، بۆ کاری تێنەپەر(بکەر+ کار)، ئینجا بۆ ئەوەی باسێکی پوختی کار بخریتەروو پێویستە لەچەند روویەکەوە باس بکرێت، کە ئەمانیش لەپەرتووکەکانی ئەم بازنەیە خراوەتەروو، بۆیە ئەگەر سەیری خستنەرووی بابەتەکان بکریت لەم بازنەیە و رزبەندکردنیان لەپەرتوکەکان بەم شێوەی کە هاتووە، ئەوە دەگەیەنیت، کە بابەتی کار بابەتێکی زیندووی زمانە وەکو داینەمۆی زمان وایە کەرەستەکانی زمان دەخاتە کار بۆ ئەوەی گوتنێك و رستەیەکی پاراو فەراهەم بیت.

**ئەنجام**

1- بازنە پەروەردەییەکان یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ڕێکخستنی چۆنییەتی پرۆگرام دەگەینێت و یەك تەواوکەری ئەوەی ترە، بەپێی تایبەتمەندی جیاوازی تەمەن .

2- بابەتی کار بابەتێکە بۆ ئەوەی باسێکی پوختی بخرێتەڕوو، پێویستە چەند کەرەستەیەکی تری زمانیش لەپاڵ کار بخرێنە بەر باس کە واتای کار تەواو دەکەن.

3- پەیوەندی نێوان کار و ڕێزمان پەیوەندییەکی تەواوکەرییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دواجار هەردوکیان کار لەسەر دروستکردنی رستە دەکەن.

4- لەم بازنەیە هەر پەرتوکە و ئامانجێکی هەیە، پەرتووکی حەوتەم بەشێوەیەکی گشتی ناساندنی کەرەستەکانی زمانە، پەرتووکی هەشتەم ناساندنی کار وەکو کەرەستەیەکی وشەسازی خراوەتەڕوو، لەپەرتووکی نۆیەم کار وەکو کەرەسەیەکی رستەسازی خراوەتەڕوو. ئینجا ئامانجی گشتی بازنەکە لەڕێگەی (کار)ەوە هەموو کەرەستەکانی زمان دەخاتەبەر باس، کەواتە ئامانجی فێرکردنی ڕێزمان لەم بازنەیە ناساندنی کەرەسەکانی زمانە بەگشتی و ناساندنی کارە بەتایبەتی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**1- کتێب**

أ- **کوردییەکان**

1- ئەحمەد محمد قەرەنی(2009)، پەروەردە و فێرکردن،،ژمارە(4)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
2- ئەورەحمانی حاجی مارف(1979)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم (ناو)، چاپی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
3- تالیب حوسین علی(2001)، ئامانجەکانی وتنەوەی بابەتی ڕێزمان لە قوتابخانەکان، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ژمارە(3).
4- حەسەن مەجید علی(2015)، پەروەردەو کێشە دەروونیەکان، گۆڤاری ژیار، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ژمارە(16).
5- حەمە کریم هەورامی(2010)، بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی، چاپخانەی کایلار، ،.
6- رسول ابراهیم رسول(2014)، دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، دەزگای پەخشی نارین، سلێمانی.
7- رەمەزان حەمەدمین(2014)، ڕێگاو شێوازە تیۆری و پراکتییەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
8- سادق ئەحمەد عوسمان(2014)، ڕێزمانی کوردی لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی کۆن و نوێدا،، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
9- سمیع ابومغلی(2014)، شێوازە نوێیەکتنی گوتنەوەی زمان، چاپی دووەم، و. د. ئیبراهیم قادر محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
10- سەباح مەجید(2009)، ڕێزمانی قوتابخانەکان سەر لە قوتابی شێواندن، گۆڤاری زمانناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ژمارە(4،5).
11- کەریم شەریف قەرەچەتانی(2008)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
12- کەریم شەریف قەرەچەتانی(2014)، سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

13-كەریم مستەفا(2008)، پلانی فێركاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی.
10- كەریم ئەحمەد عەزیز(2014)، بنەما گشتییەكانی ڕێگاكانی وانەوتنەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی نارین، سلێمانی.
11- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2015)، زمان و ئەدەبی كوردی، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپی شەشەم چاپخانەی دار لوبنان.
12- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2015)، زمان و ئەدەبی كوردی، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی شەشەم چاپخانەی (المستقبل) لوبنان.
13- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2015)، زمان و ئەدەبی كوردی، پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی شەشەم چاپخانەی (المستقبل) لوبنان.
14- نوری عەلی ئەمین(2013)، ڕێزمانی كوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
15- نەریمان عەبدوڵلاخۆشناو(2012)، ڕێزمانی كوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**ب-عەرەبی**

16- فؤاد ابو الهيجاء(2001)، اساليب و طرق تدريس اللغه العربيه و اعداد دروسها اليوميه بالاهداف السلوكيه، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر و التوزيع، عمان.
17- محمد محمود الحيله(2001)، طرائق تدريس و استراتيجياته، الطبعه الاولى، دار الكتاب الجامعى، عمان.

**ملخص**

هذا البحث عبارة عن محاولة لدراسة مادة القواعد فمثلا كتاب اللغه والادب الكردية للصفوف الثانوية (السابع والثامن والتاسع)، واختير موضوع الفعل كنموذج لنعرف من خلاله كيفية عرض في قواعد اللغة الكوردية، لاشك ان موضوع الفعل في الدائرة الثالثة من الكتب المنهجية لقي اهتماما بالغا، بشكل جاء في كتب (السابع والثامن والتاسع) للمناهج بطريقة مختلفة، إذ عرض بشكل منظم في الكتاب السابع وفصل الحديث فيه وعرض بعضا من جوانب الحوار، وفي كتاب الثامن عرض بشكل مختلف حيث دخل موضوع الفعل الى قواعد كما جاء في كتب قواعد اللغة الكوردية، ولكن في الكتاب التاسع ضمن كتب الدائرة المنهجية عرض الفعل كجزء من الجملة. هكذا عرض طائق مختلفة لتوضيح مادة الفعل كي يكون مفهوما لدى الطالب ويتعلمه بطريقة سهلة، وهذا يعود الى أن الفعل أحد الموضوعات الأساسة في القواعد، بصورة عامة لديه خواصه في اللغة وفي الجانب التعليمي بصورة خاصة، ولا يجوز الحديث عن موضوع مهم كهذا في المناهج الدراسية دون برنامج خاص معد له.

**Abstract**

This study is an attempt to tackle The Kurdish grammar lesson for example Kurdish language and literature books in The following secondery stage(seven, eight, and nine) are chosen for this study. The sample of the study is derived from verbs.Verbs are paid the attention as it was comprehensively assessed in each the books like seven, eight, and nine. Additionally, verbs were treated in book seven as language material and a part of speech. In book eight, they were tackled more thoroughly in terms of grammatical issues. However, in book nine, which is the last book in series, they were worked on as part of a sentence. Consequently, verbs were differently treated for the sake of enabling the students to understand only. This is confidently due to the real fact that verbs are worth much being considered and put into practical use in educational institutions.